نامۆ سامان



# گومـــان !!

ئه م سێوانه ..سێوه كانی دایه حه وا و باوه ئاده م بوو ئێمه خواردمان
تا خوا فرێداینه زبڵخانه ی خیانه ته وه!!
ئه م خوایانه خواكانی شه ڕ بوون
ئێمه سوجده مان بۆ بردن!!
ئه م دیوارانه په رسگای هیچ بوون له هیچه وه هاتبوون
ئێمه عیباده تمان تیا كردن!!
ئه م شه مه نه فه ره سكه ی خیانه ت بوو رایده كێشا
بۆیه هه ر نه گه یشته ئیستگه!!
ئه م په نجانه له رینه وه ی گه ڵاكانی خه زان بوون
بۆیه پێش سڵاو كردن هه ڵوه ران!!
ئه م هه ورانه ..ره شه دوكه ڵی ساڵه كانی نه هات بوون
بۆیه كێڵگه ی خه ونمان هه ر سه وز نه بوو!!
ئه م ئاوه گۆمی خیانه تو زه لكاوی سیخور بوو
ئێمه خۆمان تێفرێدا!!
ئه م فس فس پاڵاوانه گیڤاره كانی شه ری خۆ كوژی بوون
بۆیه داری ئازادیمان به ری نه گرت!!
ئه م په یڤانه.. په یڤی درۆ فیتنه بوون
بۆیه له وه عدو په یمان نه گه یشتن!!
ئه م دلدارانه..دڵیان له ئه شق خاڵی بوو
بۆیه به یه ك نه گه یشتن!!
ئه م فنجانانه ..فنجانی مه كرو حیله بوون
بۆیه ئێمه له فه نابوون نه گه یشتین!!
ئه م رێگایانه به لاقی ده به نگو گێلاكانه وه بوو
بۆیه له ئه شق دابراین!!
له نۆهه می ژماره چوارم زۆر جار بیر له خۆ كوشتنه ده كه مه وه.. وه ك ئه وه ی ئیتر خۆكوشتن چاره یه ك بێت
له وه ده چێت وا به ئاسانی خۆم نه كوژم ..له وه ده چێت ئیتر ژیان تاڵه ده رزویه كی پێوه مابێت بۆ سبه ی.
نا..نا.. ئه لێم نه ك دوای من سێبه رێك له سه ر كوشتنم به دادگا بدرێ
كێ ده زانێ مرۆڤ دوای مردن چیده چنێت..ئه شێ مردن نهێنیه ك بێت...
نا..نا.. نهێنی خۆی مردنه ئه وه نییه گوڵم
ناورێم ئه و نهێنیه بدركێنم كه خۆشم ده وێت ئه ڵم نه ك له سه رخۆشه ویستی مردن رێم پێبگرێ
تۆ بڵێت مردن ئیتر كۆتای پرسیاره كان بێت ..یان پرسیاره كانه كۆتایی به مردن دهێنن
ئه م په نجه ره ئه خه مه سه ر پشت بۆنی مه رگی لێدێت
ئه م ده رگایه توونډ قاو ئه ده م بۆنی تۆی لێدهێت...
تۆ له نێوان مه رگو خیانه تدا
من له نێوان تۆ شۆرشدا!!
سه یره گوڵم گه ر بڵێم

وه ک ژماره چواری قه دم له خۆمه وه ئالاوه
سه یره گولّم گه ر بلّێم
ئه م قه یدی ته مه نه لوولی کردووم نه ک درێژ
ته ماشاکه ن من ناکشێم وه ک چوار له جاران گرمۆلّه ترم
وه ک لاسیکی خه ت کوژاندنه وه تاوانه کانم پێده کوژێنه وه
ته نها به ئاسته ی خه تێک ئیتر ناکوژێنمه وه
ئه م تاوانه له خۆمدا ئه کوژم
ئه و [با] شێدارو سارده ی له باکووره وه هه ڵیکردبوو به پێده شته کاندا ره تده بوو زۆر به خێرای
خۆی ده کرد به کۆلانه کانی شاردا و له په نجه ره ژووره که می ئه دات من لێره وه هه ستم به ته زینی
په نجه کانی رۆح ده کرد که چۆن به خێرای ده هاتن و په نجه یان ده گه ست
که ش بۆنی پایزێکی ووشکی لێده هات و جه نگ تازه ده ستی پێکرد بوو.
جه نگ ئه و سێوه بوو که خواردمان ئیتر له و رۆژه وه لاشه ی مردووی خۆمان وا به کۆلّه وه ..
ئیتر له و ڕۆژه وه قابیلو هابیلکی تر یه ک یه کتری ده کوژن
عه رزی خوا زۆره بۆ خیانه ت ..خوایش بۆ زینده به چالّکردنی تاوانه کان
له گه کزه ی [با]دا ئه گه مه لات
به یانیه ک پێش ئه وه نیشتیمان چاوه کانی به تاوان ته ر کا
ئه گه مه لات
له گه ڵ باراندا ده سته ساردو ته زیوه که م ئه نێم به دلّته وه
به هێمنی بای سوبحی ده م نیگاکانت ته ر ده که م
به هه ناسه یه ک به خۆمته وه ئه نوسێنم
ئه گه مه لات
به یانیه ک پێش ئه وه ی نیشتیمان له خه ونی خۆفرۆشێکدا ئه تککرێ
ئه گه مه لات
به هێمنی خۆم ئه نوسێنم به روحته وه
ئه گه مه لات
به یانیه ک پێش ئه وه نیشتیمان له خه ونی جامبازێکدا مه زاد بکرێ
ئه گه مه لات
به یانیه ک زوو له گه ڵ باراندا خۆم ده که م به ژووردا سه ر ده نێم به دلّته وه
له چاوه کانتا ده نووم
ده رگاکه م لێکه ره وه ئیتر ده ره وه نرخی نه ما بۆ ژیان
ئیتر ئه م ژیانه نه فره تلێکراوه ی من هیچ مانایه کی نه ما بۆ ووتن
ده رگاکه م لێکه ره وه له موحیبه تی خوا به جێماوم خه زانی تووره بوون با هه پروونم نه کات
ده رگاکه م لێکه ره وه من به ئه ندێشه ی تۆوه ماوم من به یادی تۆوه ماوم ده رگاکه م لێکه ره وه
به یانیه ک پێش ئه وه ی به عسێکان بگه رێنه وه
به یانیه ک پێش ئه وه ی به کره کان ئه شقه کان بکوژن من ئه گه مه لات
به ده ربه ندی چاوه کانتا وه ک [با] هه ڵده که م له سۆزتا هێمن سه ر ئه نێم به سنگته وه ئیتر تا
ئه به د ئاسوده و ئیتر تا ئه به د لێت دوورناکه ومه وه
وه ک باران ئه رژێمه وه چاوه کانته وه ئیتر تا ئه به د شه وه له ئه شقتا سپی ده که مه وه
هێمن به ئه ی دلّ هێمن

ئه ی [با]ی سوبحی ده م به که ل هێمن به
ئه ی نه سیمی ئه شق
ئه ی سیحری جوانی هێمن به
هێمن به ئه ی دڵ هێمن
ئه مه کاره ساته یان ئه شق
ئه مه خه ونه یان به ئاگابوونی په نجه کان به تاوان
سه ر مه نێ به سنگمه وه له چاوه کانما مه روانه
زۆر ئه ترسم خیانه ت له چاوه کاندا خۆی حه شاردا بێت
زۆر ئه ترسم خوێنی براکان به سه ر سینه ی تۆوه له خاچ درابێت
زۆر ئه ترسم ئه م دڵه په شێوه ی من
ئه م سه ره پڕ له نه فره ته ی من
بۆنی خیانه تی گرتبێت
هێمن به ئه ی دڵ هێمن
له و نیگایانه یش به گومانم
که خۆیان به په نجه ره ی ژووره که مدا هه ڵواسیوه
تۆبڵێت ئه و [با]یه ی خۆی به نێو ره زی پرچتا کردبێت
هه ناسه ی منی نه بردبێت بۆ به عس
له په نجه کانم به گومانم
کامیان ئاشقو
کامیان شۆره سوارو
کامیان خائین
له نیگای ئه و کچه یش ئه ترسم
که چاوه کانم ده فرێنی
ئه ڵم نه وه ک خیانه ت
فریوی دابێت
2003,07,26